# بۆ خۆگەرمکردنەوە پارەکانی دەسووتێنێ



پیاوێکی 66ساڵانی ئەمەریکایی کاتێ بەهۆی بەفرەوە لەیەکێک لە چیاکانی ویلایەتی واشنتۆنی ئەمەریکا ڕێگە وندەکات، ناچار دەبێت بۆ خۆگەرمکردنەوە پارەکانی بسوتێنێت.

دوای بەسەر بردنی دوو شەو لەنێو بەفرەکەدا، تیمەکانی پشکنین توانییان یۆنگ شۆن کیم بدۆزنەوە کە بەهۆی سوتاندنی هەموو کەلوپەلەکانی، تەنانەت گۆرەویو پاشان ئەو پارانەی پێی بوون، خۆی لە ڕەقبونەوە ڕزگارکردبوو.

# جەنگی ئەلیکترۆنیی سعوودیە و ئیسرائیل بەردەوامە




هاککەرێکی ئیسرائیلی لە لیستێکدا ناو و ژمارەی نهێنی 85 هەزار بەکارهێنەری فەیسبوکی عەرەبی بڵاوکردەوە کە لەچوارچێوەی جەنگە ئەلیکترۆنییەکەی ئیسرائیل – سعودییەدا، هاکی کردوون.

ئەمەش دوای ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییە هاککەرەی سعودییەکان بۆسەر ماڵپەڕی کۆمپانیای فرۆکەوانی ئیسرائیلی هات.

ماوەیەکیش بەرلەئێستا هاککەرەکانی هەردوو وڵات لەدژی یێکدی، دەیان هەزار کارتی بانکی سعودیو ئیسرائیلییان هاککرد، چاوەڕوانیش ناکرێت ئەم جەنگە بەمزووانە کۆتایی بێت.

# داهاتی کۆمپانیای ئەپڵ لە داهاتی ساڵانەی ویوان زیاترە



بەهای کۆمپانیای ئەپڵی ئەمەریکایی دوای ئاڵوگۆڕی پشکەکانی لە هەفتەی پێشوودا گەیشتە 400 ملیار دۆلاری ئەمەریکی و بەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی نوێی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کرد و بووە گرانبەهاترین کۆمپانیا لە مێژوودا بەهۆی باڵادەستی لە پیشەسازی تەکنەلۆجیا لە جیهاندا و بەوەش کۆمپانیاکە زۆر وڵاتی تێپەڕاند لەوانەش یۆنان.

پشکی ئەپڵ لە سەرەتای کردنەوەی بازاڕی ئاڵوگۆڕی بۆرسەکاندا لە هەفتەی ڕابردوودا داوایەکی زۆری بەخۆوە بینی و بری 431 دۆلاری تێپەڕاند و بەوەیش گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی لە دەستکەوت و قازانجدا.

بەو ئەنجامە کۆمپانیاکە بووە دووەم گەورەترین کۆمپانیا لە جیهاندا لە ڕووی بەهاوە لە دوای کۆمپانیای ئیکسۆنی نەوتییەوە کە بەهاکەی 420 ملیار دۆلارە و نزیکترین ڕکابەری ئەپڵ کۆمپانیای پترۆچاینای چینییە کە بەهاکەی 270 ملیار دۆلارە و دوای ئەویش مایکرۆسۆفت دێت کە بەهاکەی گەیشتووەتە 235 ملیار دۆلار.

بۆ زانینی کاریگەریی بەهای ڕاستەقینەی ئەپڵ لەسەر بازاڕ، ئەوەندە بەسە کە بزانین بەهای ئەو کۆمپانیایە لە بەرهەمی ساڵانەی زۆر وڵات گەورەترە لە سەروویانەوە یۆنان و باشووری ئەفەریقا و ئەرجەنتین، ئەمە جیا لە داهاتی هەریەک لە ئیسرائیل و لبنان و ئوردن و سووریا پێکەوە.

ئەپڵ هێشتا لە توانایدایە بازی گەورەتر لە بەهای خۆیدا بدات و پێشبینی دەکرێ کۆمپانیاکە قازانجی ساڵانەی خۆی ئاشکرا بکات کە لە ساڵی 2011 بە ڕێژەی 45 لە سەد زیادی کردووە لە چاو ساڵی 2010.

## چەتەکان پارەی دزراو دەدەنە ڕێکخراوێکی خێرخوازی

گروپی چەتەگەریی نێودەوڵەتی بە «ئەنۆنیمەس» ناسراو، توانی دەست بەسەر حسابی بانکی چەندین کەسێتی بەناوبانگی کرواتیدا بگرێت و پارەکانیان بە ڕێکخراوە خێرخوازەکان ببەخشێت.

لەنێو ئەو کەسێتییانەی دەست بەسەر حسابەکانیاندا گیراوە، سیاسەتمەدار، زاناو ڕۆژنامەوانیان تێدایە.

گروپە چەتەگەرییەکە تائێستا بڕی یەک ملیۆن دۆلاری لەو پارانە بەخشیوەتە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان.



# هەیفا ئاهەنگی شاجوانی لوبنان بۆ

خانمە گۆرانیبێژی شۆخوشەنک لوبنان (هەیفا وەهبی) بە گۆرانی و سەما سەرنجڕاکێشەکانی ئاهەنگی تاج لەسەردانانی شاجوانی لوبنان بۆ ساڵی 2012 گەرمترکرد و سەرنجی ئامادەبوانی بۆلای خۆی ڕاکێشا، لەو ئاهەنگەدا کە 16 لاو کێبەڕکێیان لەسەر شاجوانی لوبنان

# جیهانی ژێرەوە پڕداهاتترین فیلمی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکای باکوورە

بەشی تازەی زنجیرەی فیلمی «جیهانی ژێرەوە «Underworld» بە پڕداهاتترین فیلمی ئەم هەفتەیەی ئەمریکای باکور دەستنیشانکرا، پاش ئەوەی لەماوەی سێ ڕۆژی نمایشکردنیدا توانی 25،4 ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی «مانز مارلیند»ەو هەریەک لە ئەکتەرانیش کیت بیکینسیل و مایکل ئیلی و ئەندیا ئیزلی ڕۆڵی پاڵەوانیەتی تێیدا دەبینن.

هەروەها فیلمی « Red Tails» لە دەرهێنانی «ئەنتونی هیمنگوی» و پاڵەوانیەتی هەریەک لە کوبا جودینگ و گیرالد ماکرانی، بە پلەی دووەم هات، دوای ئەوەی توانی 19،1 ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی ڕۆیتەرز فیلمی « Contraband» پاش ئەوەی هەفتەی ڕابردوو لە پلەی یەکەمدابوو، بۆ ئەم هەفتەیە گەڕایەوە بۆ پلەی سێیەم، ئەویش بە کۆکردنەوەی 12،2 ملیۆن دۆلار لەم هەفتەیەدا، فیلمەکەش لە دەرهێنانی «بالتازار کورماکور و پاڵەوانیەتی هەریەک لە مارک ئەلبیرگ و جیوفانی ریبیسلی و کیت بیکنسیلە . لەلایەکی ترەوە « Extremely Loud» لە پلەی 36ەوە بۆ پلەی چوارەم هاتە پێشەوە، دوای ئەوەی توانی 10،5 ملیۆن دۆلار لەم هەفتەیەدا کۆبکاتەوە، ئەم فیلمەش لە دەرهێنانی «ستیڤن دالدری»ە، وە ئەکتەران ساندرا بۆلوک و تۆم هانگس ڕۆڵی پاڵەوانیەتی تێیدا دەبینن.

هەروەها فیلمی تازەی « Haywire» لە دەرهێنانی ستیڤن سودربیرگ و پاڵەوانیەتی جینا کارانو و ئەیوان ماکگریگر، بە پلەی پێنجەم هات، ئەویش بەکۆکردنەوەی 9 ملیۆن دۆلار لەم هەفتەیەدا.

### کاوڕ (4/20-3/21)

ئەوەی تۆی درک بچێنی تاماوە گوڵ نابینی، هەرگیز لە ژیان ئاسودەو ئارام نابێت بەردەوام راکە راکەی نەهامەتیو ناخۆشیەکان دەبێت، ساتێ لە ژیانی ناحەسێتەوە و واچاکە ئەوەندە قسە لە نێوان خەڵک نەکەی.

### گا (5/20-4/21)

مەڵێ لە هەوڵەکانم سەرکەوتوو نەبووم ، قەناعەت بۆ خۆت دروست بکە کە هەزاران ڕێگە هەیە هەڵەن و ناتگەیەنە مەرام و ئامانجەکانت ، باسکردنی نهێنی کەسێک خیانەتێکی زۆر گەورەیە بەرامبەری.

### جمک (6/21-5/21)

دنیا باخێکە ژیان گوڵیەتی ژیان، جا سەیرکرنی ئەم گوڵە جوانی دەبەخشێتە تەمەنی مرۆڤ، بۆن نەکردنی ئەم گوڵە مانای بەهەدەر دانی هەموو تەمەنتە، بۆیە بە چاویکەی نائومێدی مەڕوانە ژیان.

### قرژاڵ (7/22-6/22)

کە دەزانی کارێکت پێ ناکرێ بۆچی خۆت هەڵدەکێشی و بەدرۆ خەڵک دەستخەڕۆ دەکەی، وامەزانە تا هەتایە ئەم کارەت داپۆشراو نابێ و ڕۆژێک دێت پەنجەی پەشیمانی دەگەزی.

### شێر (8/22-7/23)

کەسانێک بەردەوام دەوروخولت دەدەن وامەزانە ئەوانە تۆیان خۆش دەوێ و ڕێزت دەگرن بەڵکە ئەوان گورگن و خۆیان لە پێستەی مەڕ شاردۆتەوە لە دەرفەتێک دەگەڕێن تا لێت سودمەند بین.

### گوڵەگەنم (9/22-8/23)

ئەو کەسەی کە لوت لە دۆست هەڵدەکا بێگانە چۆن باوەری پێ دەکا، بۆیە مرۆڤ پێویستە هەرگیز پشت لە دۆست و هاورێکانی نەکا و گرنگی بە کەسانی بێگانە بدات بۆ بەدەست هێنانی چەند مەرامێک.



# ئاوێنەی شار

| کەناڵ | |
|---|---|
| 7.30: دەنگوباس | 8.30: کردنەوەی پەخش |
| 8.30: بەیانی باش | 8.35: نوچەی جیاواز |
| 10.30 وەرزش | 9.00: دیکۆمێنتی ریکۆرد شکێنەکان |
| 11.30: یازدەو نیو | 9.30: ستۆدیۆی کەرکوک |
| 11.50: زووم ئین | 9.30: کورتەی هەوال |
| 12.30: ئیکۆنۆمی | 10.05: فیلمی دۆبلاژکراوی منداڵان |
| 12.45: ئەمڕۆ | 11.05: بەرنامەی کشتوکاڵ |
| 13.45: دیکۆمێنتی | 12.00: هەواڵەکان |
| 14.30: دەنگوباس | 12.30: کۆنسێرت |
| 15.00: ئەمڕۆ لە مێژوودا | 13.00: درامای دۆبلاژکراو دۆسیە نهێنیەکان |
| 15.30: وەرزش | 14.00: کورتەی هەوال |
| 15.45: دیکۆمێنتیەکان | 14.05: فیلمی بیانی ژێرنووسی کوردی |
| 16.30: ئیکۆنۆمی | 16.00: کورتەی هەوال |
| 17.00: دیکۆمێنتیەکان | 16.05: بەرنامەی نەرین |
| 18.30: دەنگوباس | 17.00: کورتەی هەوال |
| 19.15: لێرەولەوێ | 17.05: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراوی (سەفەر) |
| 1945: داون تاون | 18.05: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراوە گەشتی ئاسمانی |
| 20.30: کۆتایی هەفتە | 18.30: دیکۆمێنتی شوێنە سەیرەکان |
| 21.30: ئیکۆنۆمی | 19.00: هەواڵەکان |
| 22.00: ریپۆرتاژ | 19.45: سپۆرت 24 |
| 23.30: دەنگوباس | 20.00: دیکۆمێنتی خولیای ئۆتۆمبێل |
| 0.000: دیکۆمێنتەکان | 21.00: هەواڵەکان |
| 01.00 پەخشی ئەمەریکا | 21.35: بەرنامەی زارو خۆشی |
| | 22.00: فیلمی بیانی ژێرنووسی کوردی |
| | 23.30: کورتە هەوال |
| | 00.30: هەواڵەکان |
| | 1.15: سپۆرت 24 |
| | 1.30: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراوی (سەفەر) |
| | 2.30: دیکۆمێنتی هۆم ڤیدیۆ |
| | 3.30: هەواڵەکان |
| | 4.00: دیکۆمێنتی شوێنە سەیرەکان |
| | 4.30: کۆتایی پەخش |

## کاتەکانی نوێژ لە پایتەخت



| | |
|---|---|
| نیوەڕۆ: | 12.26 |
| عەسر: | 3.05 |
| شێوان: | 5.31 |
| خەوتنان: | 6.46 |
| بەیانی: | 5.49 |
| خۆرهەڵات: | 7.12 |

## کرێی هاتوچۆ

| ڕێگا | تاکسی | باص |
|---|---|---|
| هەولێر * سلێمانی: | 15هەزار | 8هەزار |
| هەولێر * کەرکووک: | 7 هەزار | 4 هەزار |
| هەولێر * دهۆک: | تاکسی 15 هەزار | |

## نرخی دراو



| | | |
|---|---|---|
| 1 دۆلاری ئەمریکی | 1208 | دینارە |
| 1 یۆرۆ | 1576.5 | دینارە |
| 1 لیرەی سوری | 26 | دینارە |
| 256 تومەن | 150 | دینارە |
| یەک لیرەی تورکی نوێ | 815 | دینارە |
| یەک مسقاڵ زێڕ | 287000 دینارە | |

## دەرمانخانەی ئێشکگر



پایتەخت: دنیا، چارە، شاخەوان، نیان

سلێمانی: ڕەوا، سلێمانی لە شەقامی پیرەمێرد

دهۆک: جوان، ئازادی، مزوری، شیفا

## سووتەمەنی



(1)لیتر بەنزین (سوپەر): 1000 دینار

(1)لیتر بەنزین (کوردستان):550 دینار

(1)بەرمیل نەوت: 180000دینار

(1)بەرمیل گازاویل:180000 دینار

(1)بوتل غاز : 6000 دینار

## کەش و هەوا



| | بەرزترین | نزمترین |
|---|---|---|
| پایتەخت | 14 | 05 |
| دهۆک | 11 | 03 |
| زاخۆ | 11 | 03 |
| سلێمانی | 13 | 03 |
| کەرکووک | 14 | 04 |
| سۆران | 16 | 06 |
| مەخمور | 14 | 03 |
| چەمچەماڵ | 16 | 06 |
| موسڵ | 14 | 04 |
| خانەقین | 22 | 07 |

# بازار



10سەمون: 1000دینار

8نان: 1000دینار

8نانی لوبنانی: 1000دینار

(1.کگم)گۆشت بەرخ:14000دینار

(1.کگم)نەرمە :15000دینار

(1.کگم)مریشک:5200 دینار

(1) تەبەقە هێلکە: 3500دینار

(1.کگم) شەکر: 1000دینار

(1.کگم) ڕۆن :1500 دینار

(1.کگم) تەماتە :750 دینار

(1.کگم) پەتاتە : 750 دینار

(1.کگم) باینجان: 1500 دینار

(1.کگم) کودی: 1500 دینار

(1.کگم) پیاز 750 دینار

(1.کگم) سیو: 1500 دینار

(1.کگم) پرتەقاڵ: 1500 دینار

(1.کگم) خەیار: 1000 دینار

(1.کگم) باقلە: 4000 دینار

(1.کگم)مۆز: 1500 دینار

(1.کگم) لیمۆ: 1000 دینار

(1.کگم) بیبەر: 2000 دینار

(1.کگم)گێزەر: 1000 دینار

(1.کگم) لالەنگی: 1500 دینار

(1.کگم) تری: 2500 دینار

(1.کگم) شووتی: 1000 دینار

(1.کگم) کالەک: 1000 دینار

(1.کگم)هەنار: 2000 دینار

(1.کگم) خاس: 1500 دینار

(1) دەسکە توور: 1000 دینار

(1) دەسکە سڵق: 1000 دینار

(1) دەسک سەوزە: 500 دینار

(1.کگم)تورشیات: 3000 دینار

(1)سابوون: 500 دینار

(1) پاکەت تایت: 750 دینار

دۆشاوی تەماتە: 2250 دینار

(1) لیتر زەیت: 2500 دینار